کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 20:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەمواركردنی مافە نەتەوەیەكان لەژێر پەردەی دیموكراتیەت و مەدەنیەت و مافەكانی مرۆڤدا ... هەورامان علی تۆفیق

Berzi-san@web. de

نەتەوایەتی كورد و مافەكانی لەدێر زەمەنەوە بەبێ گوێ دانە بەهاكانی دیموكراتیەت و مەدەنیەت و



مافەكانی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، ئەمەش نەك تەنها لەلایەن ڕژێمە داگیركەرو دیكتاتۆریەكانەوە كە كوردستانیان بەسەردا بەشكراوە، بەڵكو ڕاوبۆچوونی نەتەوەكانی ناوچەكەش و ڕای گشتی نێودەوڵەتیش لە بێ هەڵوێستی و هەڵە گەیشتن لەخواستەكانی كورد و دڵنەڕەنجاندنی دۆستەكانیان ئەو مافانە هەمواركراون وگرنگیان پێ نەدراوە، تا ئەمڕۆشمان هەمان هەڵوێست وبۆچوون لە كەش و هەوایی ئازادی عێراق و دارمانی دیكتاتۆریەت بەردەوامی هەیە، بەڵام سیاسەت و پلان و بنەما بنچینەیەكان بەشێوەیەكی نوێخوازانەو مۆدێرنانە لەژێر چەند ناوێكی نوێدا پەیڕەو دەكرێنەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ بەناوی دیموكراتیەت و هەنگاونان بەرەو مەدەنیەت و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ بیانەوێت دوو بارە مافەنەتەوەیەكانی كورد پێشێل بكەنەوە و هەوڵەكان بەشكەستی و كۆتایی هێنان بەرن، كە جێگای داخە دەبینرێ ئەو كوردانەی لەم لافەوە هاوكاری پلان و بەرنامە نەخوازیەكانی دوژمانی كورد دەدەن ودەرگای برایەتی و تەبایی و پێكەوە ژیان دەكەنەوە، ئەو دەرگای كە تەنها لای كوردەوە كراوەیەو هەمیشە لەلایەن دوژمنانەوە ئەو دەرگایە داخراو نەكراوە بووە.. بێ گومان بەژەوەندیەكان لەپێناو پارەو دەسەڵات و سامان هەموو هەستێكی نەتەوەیی دەسڕنەوە و هەموو خەسڵەتێكی مرۆڤایەتی لەدەست دەدەن، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لەخزمەت پلان و نەخشەی داگیركردن و تەعریب كردنەوەی كوردستاندان..

بەدیار خستنی هەڵوێستی نەتەوایەتی و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هەنگاوانەی كە لەم ڕۆدا بۆ ئایندەش دەبنە مایەیی زیان بەڕەوتی سیاسی و نەتەوەیی كورد پێویستی بەوە هەیە ڕەدبكرێنەوە و بەئاشكراو ڕاشكاوانە هەڵوێستەكان بەدیار بخرێن و جەماوەر و كەسایەتی كورد لەڕاستیەكان بەئاگابهێنرێنەوە تا مامەڵەكردن لەسەر ئاستی سیاسی لەو ئاستە پێویستەدا بێت بەرامبەر ئەو هەموو پلان و نیەتە دوژمنكاریانەی كە كوردستان دوچاری دەبێت لەتەعریب و داگیركردن و دەست وەردانە كاروباری ناخۆیی و بەڕەوانەبینی خواستە نەتەوەیەكان..

كاتێك داگیركەران و ڕژێمە فاشیستەكان دانیان بەمافەكانی نەتەوەیی كوردا نەدەنا وبەخراپ ترین و دڕندەترین شێوە وەڵامی خواست و داواكاریەكانی دەدرایەوە، ئەو كات دیموكراتیەت و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ لەكوێ بوون.. ؟ ئەوكات ویژدانی ئەوانەی كە ئەمڕۆ بەخەبەرەو خۆیان بەدۆست و هاوخەمی كورد دەزانن لە كاتی كیمیابارن و ئەنفال وجینۆساید و ماڵ كاولی و ئاوارەیی نەتەوەیی كورد دا لەكوێ بوون.. ؟ ئەو كاتانەی كورد بۆ تەنها تروسكایەك دەگەڕا و تەنها بەووشەیەك سوكنایی دەهات ئەوانە لەكوێ بوون.. ؟ ئەوكاتانەی مافەكانی كورد پێشێل دەكران و لەسەر مێزو خوانی دەوڵەتان ڕێك كەوتنەكان دژ بەكورد مۆردەركران ئەو بەویژدانانە لەكوێ بوون.. ؟ ئەو وولاتانەی ئەمڕۆ بوونەتە گەورە دۆست و پاڵپشتی نەتەوەیی كورد بەدرێژایی مێژوو بوونی گەورەییان لەچ بەرژەوەندیەكی نەتەوەیی ئەم میللەتە ستەم دیدەیەدا بوون.. ؟ ئەمڕۆش دەیانەوەێ بەو دروشم و ناوە بریقەدارانەوە دیسان كورد و نەتەوەكەی لەخشتە بەرنەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر باس لەڕای گشتی جیهانی بکەین و لایەنی نێونەتەوەییش لێك بدەینەوە هەمان هەڵوێست و هەمان تێڕوانینەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، تەنها بە هۆیی ئەو گۆڕانکاریە سیاسیە ناوچەییانەوە ڕێچکەیان گرتووە و کەمێك گۆڕان و نەرمی و لادانە لای بەرەی کوردی بەدیار دەکەوێت ئەویش خۆیی لەقسەو بەڵێنی سەرزارەکی بەولاوە هیچی دی لەخۆناگرێت.. مەبەستیش بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و ستراتیجیەتی ئایندەیی و درێژخایەنی خۆیان لەناوچەکەدا بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرچاو گیراوە و هیچ کات بەرژەوەندیە نەتەوەیە کوردیەکان بەلایانەوە گرنگ نەبوون و مێژوش ڕاستیە بەڵگە نەویستەکانی لاتۆمارن...

بۆیە دەکرێ زیاتر لەهەموو شتێك بیرو هۆش و هەوڵەکان لە هۆشیارکردنەوەو بەردەوام بوون لەسەر بڕوای نەتەوایەتی و قایل نەبوون بە بەڵێن و ڕێککەوتن و ڕێگا چارەی کاتی و خۆدزینەوەو دواخستنی بڕیارو ڕێککەوتننامەکان بەپاساوی جۆراو جۆرەوە دواتر پەشیمان بوونەوە لێیان.. دور لەهەڵوێستی حزبی و سیاسی دەبێ ڕای گشتی جەماوەرو تاکی کورد ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبێت و کاریگەری خۆیی هەبێت لەم بارو دۆخە ناسك و نالەبارەدا و خۆیی بسەلمێنێ و ڕێگا بە هەموارکردنی مافەنەتەوەیەکان نەدات لەژێر پەردەی دیموکراتیەت و مەدەنیەت و مافی مرۆڤ دا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.